ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-10-2007 22:22

**کۆندالیزا رایس... وانەیەکی ژیرانە... تاڤگە ئەحمەد میرزا**

ئەوەی ووتی: ناتوانم، پێم ووت: هەوڵ بدە. ئەوەی ووتی نازانم:پێم ووت:فێربە. ئەوەی ووتی: مستەحیلە، پێم ووت: تاقیبکەوە...
(ناپلیۆن پۆنابەرت)

لەمیانەی یاداشتەکانیدا لە بەرامبەر کۆنگرێسی ئەمەریکادا کۆندالیزا رایس، گلەیی لی کرا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، بەوەی کە ناوی کوردستانی هێناوە، زۆر بە ئاسانی شەفافیەتی بەکارهێناوە لە بە کارهێنانی ناوی کوردستان لە بری باکووری ئێراق بەمەش گلەیی کار بەدەستانی تورکیای هاتۆتە سەر!!..

لە درێژەی یاداشتەکەیدا، تەوەرەیەکی گرنگی لە بۆ حکومەتەکەی مالکی بوو زۆر ڕاشکاوانە ووتی: حکومەتەکەی مالکی لە هەر پلەیەکدا کار بەدەستانی لە سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانی گەندەڵی لە هەر شوێن و جێگەیەکدا بە دی بکری لێیان قبوڵ ناکریو دووچاری لێپرسینەوە دەبن... ئەم لێدوانە دوا بەدوای ئەو ڕاپۆرتە دی کە مالکی و حکومەتەکەی بە گەندەڵترین حکومەت ناوزەندکرد...

خاڵی یەکەم.. دەربارەی ناو هێنانی کوردستان، دیارە تورکەکان تووشی گێژاو بوونە و دەیانەوی لی ی دەربازبن، چونکە دەسەلاتدارانی تورك چاویان بە کوردستان و گەلی کوردستانا هەڵ نایەت، دەنا هێندە لە خۆ بایی و خۆ بەزل زان و رەگەزپەرست نەدەبوون... پێم سەیرە ئەمانە بە ناو هێنانی کوردستان، لە خاتوو کۆندالیزا رایس زویر دەبن، ئەی ئێمە بۆ لە ناو جەرگەی کوردستانا پێگەو جێگەی شیاو لەبار بدرێتە کاربەدەستانی تورك تا رۆڵەکانی کورد فێری داب ونەریت و زمان و پەروەردەی تورکی بکرێن و لە بەرامبەری هەر فێربوونێکی منالێکی کوردا (1700) هەزارو حەوت سەد دۆلار سالانە بدری لە لایەن کەس و کارو خێزانی ئەو منالە ژیکەلانەوە... لە کاتێکا پێشینان گوتویانە گەر دەتەوی پەروەردەی خۆت بچەسپێنی لە مەلۆتکەوە دەست پی بکە... بەلێ... ئەوە ئێمە و ئەوە ئەوانیش... ئەی کاربەدەستانی هەرێم و ئێراقی بەناو فیدراڵ ئێوە دەڵێن چی؟؟!!...

خاڵی دووەم... مالکی و حکومەت و ناوزەندکردنیان بە گەندەڵ و لێپرسینەوەیە لەهەر گەندەڵیەك تۆمار بکری...

خاتوو کۆندالیزا رایس.. کاتی ئەوە هاتووە گۆڕانکاری لە ڕیشەوە بکری، ئەوە حاڵی ئێراقە بۆتە مەیدانێکی ئازادی ئیرهاب و تۆقاندن... هەقە و دەپرسین: کوا کۆمەڵگەی مەدەنی؟؟!!...
کوا رۆژنامەگەری ئازاد؟؟!!....
کوا قەزایەکی سەربەخۆ؟؟!!....
کوا چاودێری و لێپرسینەوە لە ماڵ وسامانی گشتی؟؟!!...

خانمەکەم رایسی ئازیز... وادەی پیاچوونەوەو حساب هاتووەو چی دی ئەم شێوازەی حوکم هیچ مانایەك نادا بەدەستەوە... تەنانەت بۆ بڕیارەکانی حوکمەت پێویست بەوە دەکات بچینەوە لای برا گەورەکانی ئێراق، هەر بۆنموونە زیندووترینیان، هەڵوێستی حوکمەتی سعودیە و رازی نەبوونی لە بەرامبەر یاسای نەوت و غاز.. باشترین بۆچوونە کە ئەم وولاتە سەروەری پارێزراو نیە.. تکایە جەخت لە بۆ چوونەکان بکە و ئێمەش هاوشان و دەست دەگوشین...

ئەو پەندەی ناپلیۆنیش پێشکەشە بە دەسەلاتدارانی تورکیاو حوکمەتەکەی مالیکی.......

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.